


# لە هەولێر چوارەمین فیستیڤاڵی سینەمایی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ساز دەکرێت

بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر:

## ژمارەیەک ئافرەتی چالاکی بواری سینەما لە فیستیڤاڵەکە خەڵات دەکرێن



ســاڵانە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی سینەمای هەولێر هاوکات لەگەڵ هەڵمەتی نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانی فیستیڤاڵێکی تایبەت بەم بۆنەیە ســاز دەکات بە بەشداری سینەماکارانی کوردی هەر چوار پارچەکانــی کوردســتان و زۆر جاریــش ســینەماکارانی غەیرە کوردیش بەشدار دەبن، ئەم ساڵێش بڕیــار وایە ســبەی چوارەمین فیستیڤاڵی ســینەمایی کورتە فیلمی نەهێشــتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەژێر دروشمی (نا بۆ توند و تیژی) ســاز بکات، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین بەر لە سێ مانگ پۆستی بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بێ بەڕێوەبەر بوو و ماوەیەك بەم شێوەیە مایەوە تا دواتر وبەر لە سێ مانگ شاخەوان مســتەفا وەك بەڕێوەبەری ســینەمای هەولێر دانرا، بۆ زیاتر تیشك خســتنە سەر چوارەم فیستیڤاڵی نەهێشــتنی توندوتیژی ، گوڵان شــاخەوان مستەفای بەڕێوەبەری ســینەمای هەولێری ڕووبەڕووی چەند پرسیارێك کردەوە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** بڕیار وایە سبەی چوارەمین فیستیڤاڵی سینەمایی نا بۆ توندوتیژی لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ئێوەوە ساز بکرێت، ئایا ئەم خولە هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ خولەکانی دیکە؟**

-دوای خۆ ئامادەکردنێکی زۆر ئەمڕۆ چوارەمین خولی فیستیڤاڵی (نا بۆ توندوتیژی دژی ئافرەتان) ساز دەکرێ، ئەم فیستیڤاڵە بووەتە نەریتێکی ساڵانە، ئەگەر باس لە جیاوازی بکەین بێگومان هەر ساڵ و خولێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئێمە باس لە رابردوو ناکەین، چونکە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، ئەم ساڵ ئێمە خۆمان بەشێوەیەکی باش ئامادە کردووە، ژمارەیەك فیلمان وەرگرتووە کە هەموویان تایبەتمەندییان هەیە و گوزارشتە لە ناوەڕۆکی فیستیڤاڵەکە کە تایبەتە بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، جیاوازیمان لەگەڵ ساڵانی رابردوو ئەوەیە کە پێشان فیلم دروست دەکرا بۆ ئەم فیستیڤاڵە، بەڵام ئەم ساڵ ئێمە فیلممان وەرگرتووە، چونکە یەکێك لەلایەنە گرنگەکانی هەر فیستیڤاڵێك ئەوەیە تۆ فیلم وەربگری و نیشانی بدەی نەك خۆت فیلم دروست بکەی و نیشانی بدەی و ئێمە بەو میکانیزمە کاری خۆمان کردووە و لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی و رانیە و کۆیە و کفری و هەموو ئەو شاروشارۆچکانەی کوردستان کە هونەرمەندی سینەمایان هەیە و لەو بوارە کار دەکەن فیلممان وەرگرتووە بە بێ بوونی هیچ جیاوازییەك، نزیکەی ٦٠-٧٠ فیلممان بۆ هات و توانیمان ١٨ فیلم هەڵبژێرین و بیانخەینە چوارچێوەی پێشبڕکێی فیستیڤاڵەوە و ئومێدمان وایە فیستیڤاڵێکی جوان و ڕێکوپێك بەڕێوە بچێت.

*** هیچ لە کەسایەتییە سینەماییە جیهانییەکان یان لەسەر ئاستی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکو میوان داوەت کراون بۆ فیستیڤاڵەکە؟**

- فیلمەکانمان لۆکاڵین، هەروەها فیلمی پارچەکانی دیکەشی تێدایە، وەکو میوان لەبەر ئەوەی فیستیڤاڵەکە لۆکاڵییە میوانەکان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەی دەبن، بەڵام نەمانتوانیوە میوان لە دەرەوەی هەرێم بهێنین بۆ فیستیڤاڵەکە.

*** فیستیڤاڵەکە هاوکاتە لەگەڵ هەڵمەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت کە ساڵانە ڕێکدەخرێت، بەڵام ئایا لەو فیستیڤاڵە دەچێتە چوارچێوەی پێشبڕکێ یاخود هەموو فیلمە بەشداربووەکان خەڵات دەکرێن؟**

- ئەگەر باس لە چوارچێوەی فیستیڤاڵەکە بکەین، ئێمە دامانناوە ئەو فیلمانەی دێنە قاڵبی پێشبڕکێوە نمایش دەکرێن، خەڵاتی تایبەت هەیە، هەروەها لیژنەیەکی دادوەری هەیە ئەم لیژنەیە هەڵسەنگاندنی فیلمەکان دەکات و چوار خەڵات هەیە لەوانە خەڵاتی باشترین دەرهێنەر و باشترین سیناریۆ و باشترین فیلم و خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت، بۆیەش باشترین ئافرەتمان داناوە، چونکە فیستیڤاڵەکە تایبەتە بە ئافرەت.

ئێمە لەو ڕۆژەدا بە ڕێگای فیلمەکانی فیستیڤاڵەوە دەمانەوێ ئەوە نیشان بدەین کە بەڵێ ئافرەتان هاوشانی ئێمەن، خاوەن بڕیارن و هیچ جیاوازییەکیان نییە و وەك ئێمە لە دەرەوە و لە ماڵەوە کار دەکەن و نابێ ئیدی ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە باوکسالاری هەبووە، هەر بۆیە و بۆ ڕێزگرتن لەو ئافرەتانەی کە لە بواری سینەماندا دەستێکی باڵایان هەبووە و نموونەی توانا و بەهرەی ئافرەتانن لەو بوارە و بە فیلمەکانیان توانیویانە شان بە شانی پیاوان خزمەت بە سینەمای کوردی بکەن و لەو ڕێگایەوە کێشە و گرفتەکانی ئافرەتانیان نیشان داوە، بڕیارمانداوە ڕێز لە ژمارەیەك ئافرەت بنێین کە لە هەموو شارەکانی کوردستان لە بواری سینەما چالاك بوون و ڕۆڵیان هەبووە و خەڵاتێکی شایستەیان پێشکەش بکەین.

*** ئێمە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ داین، ئێوە وەك بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ئەو ماوە کورتەی ماوە و بۆ ساڵی داهاتوو لە بواری سازکردنی فیستیڤاڵ و بەرهەمهێنانی فیلم و ڕێکخستنی وۆرك شۆپی سینەمایی؟**

- ئەگەر باس لە ساڵی داهاتوو بکەین، ئێمە کۆمەڵێك پڕۆژەمان لەبەردەستدایە کە لە قۆناغی دیراسەتدایە دەمانەوێ بە شێوازێکی جوان و میکانیزمێکی ڕێکوپێك دایانڕێژین بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ بە ئەدایەکی زۆر جوان و ڕێکوپێکتر لە ساڵی رابردوودا دەرکەوین، پەنا بە خوا ساڵی ٢٠١٤ دەکەمە ساڵێکی زێڕین بۆ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەوەی بتوانین زۆرترین کورتە فیلم و فیلمی درێژ و لە بواری دیکیومنتاری زۆرترین فیلم بەرهەم بهێنین، لەلایەکی دیکەوە بە نیازین فیستیڤاڵی هەولێر ساز بکەین، هەر بەم بۆنەیە دەمەوێ لێرەوە پێتان رابگەیەنین کە لەگەڵ بوونی هەولێر بە پایتەختی گەشتیاریی وڵاتانی عەرەبی، ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر فیستیڤاڵی هەولێر رادەگەیەنین و هیوادارین بتوانین بە سەرکەوتوویی ئەنجامی بدەین، هەروەها لە بەرنامەماندایە چەندین وۆرك شۆپ دەکەینەوەو کادیری گەنج پێ بگەیەنین و هەوڵ بدەین ئەو گەنجانە بهێنینە نێو بوارەکە کە حەز و ئارەزوویان لە سینەمایە ئێمە بتوانین دەستیان بگرین لە بوارەکانی وێنەگرتن و سیناریۆ و دەرهێنان و نواندن، ئەم وۆرك شۆپانە لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆر بەڕێوە دەبەین و هەندێك پڕۆژەی دیکەش لە بەرنامەماندا هەیە .

*** بەرنامە و بیرۆکەکانتان زۆر باش و لەجێن، بەڵام ئایا جێبەجێکردن و دابینکردنی بودجەی پڕۆژەکانتان مسۆگەر کردووە یان تەنیا بیرۆکەی خۆتانە؟**

- ئەو کارانەی باسم کردن دەکەونە چوارچێوەی کاری بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر و ئێمە کارەکانمان بەگوێرەی توانای خۆمان داناوە و دەتوانم بڵێم جگە لەمانە دەتوانین پڕۆژەی دیکەش لە پاڵیان جێبەجێ بکەین، با ئەوەشمان لە یاد بێت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و وەزارەتیش هاوکار و هەماهەنگمانە، بۆیە من دڵنیام لە سەرکەوتنیان.

*** ئێوە بە توانای بەڕێوەبەرایەتییەکەتان دەتوانن فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیی سینەما لە هەولێر ساز بکەن؟**

- سازکردنی فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لە کار و بەرنامەی ئێمەدایە و بە دڵنیاییەوە ساز کردنی ئەم فیستیڤاڵە بە تەنیا بە ئێمە بەڕێوە ناچێت و ئامادەکارییەکی زۆری دەوێ، بۆیە ئێمە لە ئێستاوە خۆمان ئامادە دەکەین و ئەم فیستیڤاڵەمان لە دەستپێکی کارەکانی ساڵی ٢٠١٤ی خۆمان دامانناوە، بەڵام پێویستە وەزارەت و خەمخۆرانی ئەم شارە و ئەوانەی بە جددی دەیانەوێ فیستیڤاڵەکەمان لە لۆکاڵییەوە بچێتە قۆناغی جیهانی پێویستە هاوکاریمان بکەن، زۆر لایەن بەڵێنیان داوە هاوکاریمان بکەن لەلایەنی ماددییەوە و پێیان گرنگە فیستیڤاڵێکی سەرکەوتوو بەڕێوە ببەین، چونکە هەموو لایەك دەزانن لە ٢٠١٤ شانسێکی گەورە بە هەولێر دراوە کە دەبێتە پایتەختی گەشتیاری بۆیە دەبێ فیستیڤاڵەکەشمان لە ئاستێکی بەرزدا بێت، چونکە ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر میوانی بیانی لە ئاسیا و وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئەمریکاش ئامادە بن و ئەم کارە هونەریانەی ئێمە ببینن.

# ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان چ ڕەنگدانەوەیەکی لە کوردستان هەیە؟

دەرچوونی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵان، هاوکاتە لەگەڵ (٢٥ی نۆڤەمبەر) کە وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستنیشان کراوە. ئایا ئەو ڕۆژە جیهانییە چ ڕەنگدانەوەیەکی لە کوردستان هەیە؟ ئایا (٢٥ی نۆڤەمبەر) کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هان دەدات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەردەگرین.



بەهۆی زیادبوونی ڕێــژەی توندوتیژییەکان لەبەرامبەر ئافرەتانـــی جیهـــان، کۆمەڵـــەی گشـــتیی نەتـــەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمـــارە (٥٤/١٣٤) لە١٧ی کانوونی یەکەمی ســـاڵی ١٩٩٩ ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی بە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ڕاگەیاند، لە ئێســـتادا ٢٥ی نۆڤەمبەر ڕۆژێکی جیهانییـــە بۆ هەڵمەتـــی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ڕۆژی بەرجەستەکردنی نابەرامبەرییەکانی سەر تەوێڵی دیرۆکی مرۆڤایەتییە، بێگومان ئەو ڕۆژە جیهانییە کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی لەســـەر ئاستی دنیا بەگشـــتی و کوردستان بەتایبەتی لە باشتر کردنی ڕەوشی ئافرەتان و دەســـتەبەرکردنی مافەکانیان دەبێت. بەڵام سەرەتا پێویســـتە ڕامانێکمان لەسەر ئامارەکانی چەند وڵاتێك هەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە مەترسییەکانی بەرزبوونی ڕێژەی توندوتیژییەکان تێبگەین.

**ئامارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە ئاستی جیهان و کوردستاندا**

لە دوا توێژینەوەکانـــی تایبەت بە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتـــان دەرکەوتـــووە کـــە ئـــەو دیاردەیـــە گشـــتگیرەو لەکۆمەڵگەی تازەپێگەیشـــتوو و تەنانەت پێشکەوتووەکانیش بوونی هەیە، ئەو ئامار و داتایانەی کە لەبەردەســـتن سەلمێنەری ئەو ڕاســـتییەن کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

- ٩٥٪ ی قوربانیانی توندوتیژی لە فەرەنسا ئافرەتن.
- لەهـــەر ١٠ ئافرەتی هندســـتان هەشـــتیان قوربانی توندوتیژییەکانن.
- لە ڕاپرســـییەکدا کە ٣٠٠٠ پیـــاوی کرواتی تێیدا بەشـــداربوون دەرکەوتووە ٨٥٪ی ئەو پیاوانە لەئافرەتیان داوە.
- لەمیسر لەهەر سێ ئافرەت یەکیان لەلایەن مێردەکەیەوە ڕووبەڕووی لێدان بۆتەوە.
- ساڵانە لەتێکڕای جیهان ١٢٠ ملیۆن کچ ڕووبەڕووی خەتەنەکردن دەبنەوە.
- ساڵانە ٧٠٠ هەزار ئافرەت لە ئەمریکا دەستدرێژیی سێکسیان دەکرێتەسەر.
- لەبەنگلادش ڕێژەی کوشـــتنی ئافرەت بە دەســـتی هاوســـەرەکەی ٥٠٪ی ڕێـــژەی کوشـــتن لـــەو وڵاتە پێکدەهێنێت.
- لەبەریتانیـــا لەهـــەر دەقەیەکـــدا ئافرەتێك بەهۆی ڕووبەڕووبوونـــەوەی توندوتیژی خێزانـــی پەیوەندی بە پولیس دەکات.
- ٤٧٪ی ئافرەتانی ئوردن بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن هاوسەرەکانیان ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە.
- لە وڵاتانی ئەفریقیا ڕۆژانە ١٤١١ ئافرەت دەستدرێژیی سێکسیان دەکرێتەسەر، ئەوەش بەرزترین ڕێژەیە لەجیهاندا تۆمارکرابێت.

**ئەو پیاوانەی توندوتیژی بەکاردێنن دەبێت بە توندترین شێوە سزا بدرێن، بۆ ئەوەی ببن بە پەند بۆ ئەو کەسانەی کە توندوتیژی لە ناخیاندا چێنراوە**

**هەندێک لەئافرەتان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە چەکێک دێتە بەرچاویان و لەوانەیە لەسەر کێشەی بچووکیش پەنا بۆ بنکەی پۆلیس ببەن و ماڵ لە خۆیان تێک بدەن**

**ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەتانیش لە هەرێمی کوردستان لە دوو ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٢بەمشێوەیە بووە:**

**ئاماری ساڵی ٢٠١١**

| بشوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | ئەشکەنجەدان | سکاڵا | سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٣ | ٩ | ٨٤ | ٣٧ | ١٦٨ | ٩٨٣ | ١٨ | ١٣٢٢ |
| دهۆك | ٦ | ١٠ | ٣٤ | ٥١ | - | ٦٥٦ | ١٤ | ٧٧١ |
| سلێمانی | ٩ | ١٩ | ٨٧ | ٣٧ | ٧٢٠ | ٧٢٥ | ٧٦ | ١٦٧٣ |
| گەرمیان | ٥ | ٦ | ٢٣ | ٧ | ١٠٢ | ١٧٤ | ١ | ٣١٨ |
| کۆی گشتی | ٤٣ | ٤٤ | ٢٢٨ | ١٢٣ | ٩٩٠ | ٢٥٣٨ | ١٠٩ | ٤٠٧٥ |

**ئاماری ساڵی ٢٠١٢**

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسوتاندن | ئەشکەنجەدان | سکاڵا | سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٢ | ٩ | ١١٤ | ٤٥ | ١١٢ | ١٢١٣ | ٢٢ | ١٥٠٦ |
| دهۆك | ٩ | ١٠ | ٣٥ | ٢٥ | - | ٧٣٨ | ٣١ | ٨٢٩ |
| سلێمانی | ١٠ | ١٥ | ٧٦ | ٣٠ | ٤٤٤ | ١٢٤١ | ١٠٨ | ١٨٩٩ |
| گەرمیان | ٥ | ٥ | ٢٨ | ٥ | ١٣٥ | ٢٣٤ | ٩ | ٤١١ |
| کۆی گشتی | ٤٦ | ٣٩ | ٢٥٣ | ١٠٥ | ٦٩١ | ٣٤٢٦ | ١٧٠ | ٤٦٤٥ |

**پێویستە لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا وانەی یەکسانی و هاوتایی نێوان هەردوو ڕەگەز بە قوتابیان بوترێتەوە**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی کەموکوڕیی زۆرە بەڵام ئێستا پیاوانی توندوتیژکار هەست دەکەن لایەنێک هەیە لەسەر ئافرەتان دێتەدەنگ**

**هەر کاتێک توانیمان جۆری بیرکردنەوەو تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ پێکەوەژیان لەناو خێزان بگۆڕین، ئەو کاتە دەتوانین بەسەر توندوتیژیدا زاڵ بین**

بەپێـــی ئامارەکان لە دوو ســـاڵی ٢٠١١ و ٢٠١٢ تەنیا لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ٨٩ ئافرەت کوژراون، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ تا ئێستاش هەرلەو سێ پارێزگایەی هەرێمـــی کوردســـتان نزیکەی ٣٥ ئافرەت کـــوژراون، کە بێگومان ئاماری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕێژە و ژمارەی کوژراوان زۆر زیاتر دەکات.

(٢٥ی نۆڤەمبەر) وەك ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستنیشـــان کـــراوە. ئایا ئەو ڕۆژە جیهانییە چ ڕەنگدانەوەیەکی لە هەرێمی کوردســـتان دەبێـــت؟ ئایا (٢٥ی نۆڤەمبـــەر) کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هان دەدات؟

**پێویستە پێش هاوسەرگیری خولی ڕۆشنبیرکردنیان بۆ بکرێتەوە**

حاکم عەبدولباست فەرهادی، دادوەری دادگای تاوان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا سەرەتا دەڵێت «هەر کاتێك توانیمان جـــۆری بیرکردنەوەو تێڕوانینی مرۆڤـــەکان بۆ پێکەوەژیان لەناو خێزان بگۆڕین، ئەو کاتە دەتوانین بەسەر توندوتیژیدا زاڵ بین».

ئـــەو دادوەرە ڕایوایە ڕۆژی جیهانیـــی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـــژی دژ بـــە ئافرەتـــان کاریگـــەری خـــۆی لە باشـــترکردنی ڕەوشـــی ئافرەتان هەیە، بەڵام پێش هەموو بۆنە و ســـاڵڕۆژێك، یاســـای تایبەت بە مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافـــرەت و جێبەجێ کردنی یاســـاکە دەتوانێت



ڕووبەڕووی تاوانەکانی توندوتیژی ببێتەوە، ســـەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیش لە هەرێمی کوردســـتان گوتی «ئەو یاســـایە کەموکوڕی زۆرە، بەڵام با ئێمە پشـــت بە داتاکان ببەســـتین، بزانین ئایا دارشتنی یاســـاکە توانـــی رادەی توندوتیژی کـــەم بکاتەوە، یانیش بۆتە هۆی پتربوونی؟ ئەو کاتە دەتوانین بڵێین یاســـایەکی باش بـــووە، یان بەپێچەوانەوە، لێرەوە مـــن ناتوانم بڵێم ئەو یاســـایە چارەی ئەو دیاردەیەی نەکـــردووە، چونکە ئەوەی من ئاگاداربم ئێســـتا پیاوانی توندوتیژکار هەســـت دەکەن کەسێك یان لایەنێك هەیە لەسەر ئافرەتان دێتەدەنگ، بەڵام بە پێچەوانەش هەندێك لەئافرەتان ئەم یاسایەیان بە چەکێك دێتە بەرچاو لەوانەیە لەســـەر کێشەی بچووك وکاتی پەنا بـــۆ بنکەی پۆلیس ببەن و مـــاڵ لە خۆیان تێك بدەن، واتا خویان و پیاوەکانیان لە دوو سەنگەری بەرامبەر دەبیننەوە، نەك وەك هاوســـەر و هاوچارەنووس، من چارەســـەری لەوە دەبینمەوە کە پێش هاوسەرگیری خولی ڕۆشنبیری بۆ پیاو و ئافرەتەکە بکرێتەوەو لەگشت لایەنەکانی ژیانی هاوسەری ئاگاداربکرێنەوە».

**تائێستا نەتوانراوە ڕێگری لە توندوتیژی بکرێ**

ڕێـــزان کوێخا چالاکی کۆمەڵگـــەی مەدەنییەو و ئەویش ڕایوایـــە تـــا کۆمەڵگە و خێـــزان بەرەو ڕۆشـــنبیرییەکی تەندروســـت نەچێت و لەســـەر پەروەردەیەکی پتەو بونیاد نەنرێن، توندوتیژی ڕێگەی لێناگیرێ، گوتیشی «دەبێت ژنان وا پەروەردە بکرێن کە بتوانن بەرامبەر ئەو توندوتیژییانە بوەســـتنەوە، بۆیە پێویستە هەمووان هەوڵی تەواوی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی وشـــیاری تەواو لەنێو ئافرەتاندا بەتایبەتی بڵاو بکەینەوە، بۆ ئەوەی بەسەر هەموو کێشەکاندا زاڵ بن، چونکە بەردەوامیی توندوتیژیی بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت و تائێستا نەتوانراوە ڕێگری لە توندوتیژی بکرێ».

ســـەبارەت بە چارەســـەریش ئەو چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێویســـتی دەزانێت «ئەو یاســـاییانەی دژی توندوتیـــژی ئافرەتان هەیە، بەفیعلی لەدادگاکان ئیشـــی پێبکرێ و پێویستە هیچ بڕیارێکی لێبووردن ئەو تاوانبارانە نەگرێتەوە کە لەسەر توندوتیژی دەست بەسەر کراون، دەبێت بە توندترین شـــێوە ســـزا بدرێن، بۆ ئەوەی ببن بە پەندێك بۆ ئەو کەســـانەی کە توندوتیژی لـــە ناخیاندا چێنراوە»، گوتیشـــی «ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە لەسەر یاساکان کار کرا، ئەوە بە شێوەیەکی بەرچاو توندوتیژی روو لە کەمبوون دەکات و تا دواتر بە تەواوی بنبڕ دەکرێت».

**حکومەتی هەرێم کاری بەرچاوی بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژییەکان کردووە**

هێڤی جۆڵا یاساناس و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت، ســـەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە توندوتیژی دژ بە ئافرەت یەکێکە لەو دیاردە ناشارســـتانێتیانەی کە لە سەردەمانێکی کۆنەوە بە ڕێگە و شـــێوازی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵگە و شارســـتانێتیە جیاوازەکانی جیهاندا پیادە کراوە. گوتیشی «ئاشـــکرایە کە دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی تایبەت

نییە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرژمێرییەکانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی) دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا نموونەی سوید و هۆڵەندا و بەریتانیا و تەنانەت لە وڵاتێکی زلهێز و پێشکەوتووی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم دیاردەیە بە ڕێژەیەکی دیار بەرچاو دەکەوێت و رۆژانە لەو بارەیەوە چەندین داوا تۆمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر بێینە سەر لایەنی جیاواز لە نێوان کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازییەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاوا درك بە مافەکانی خۆیان دەکەن و ئاستی رۆشنبیرییان گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە نەترسن لە داواکردنی مافەکانی خۆیان و بە ئاسانی پەنا دەبەن بۆ یاسا و بنکەکانی پۆلیس و داوای یاسایی تۆمار دەکەن، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پیاوسالاری باڵی کێشاوە بەسەر خێزانەکاندا و ترسێك لە دڵی ئافرەتاندا دروست بووە، بە جۆرێك خراوەتە مێشکیانەوە کە داواکردنی مافی خۆیان، یاخود پەنابردن بۆ کەسێك لە دەرەوەی خێزان، ئەگەرچی یاساش بێت، کارێکی نەشیاو و عەیبەیە، بە درێژایی مێژوو ئەم جۆرە بۆچوونانە ڕەگی داکوتاوە لە ناو خێزانەکاندا بە جۆرێك کە پێویستی بە گۆڕینی نەوەیەك هەیە بۆ کاڵکردنەوە ئەم بیروبۆچوونە، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئێستا زۆر بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری گرنگ کراوە لەسەر ئەم بابەتە، جا چ بە دەرکردنی یاسایەك بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، دەبینین حکومەتی هەرێم بە چالاکیی جۆراوجۆر و دامەزراندنی ناوەندەکانی تایبەت بە داکۆکی لە مافەکانی کاری بەرچاوی بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژییەکان کردووە، ئافرەت سالانە تەرخانکردنی (١٦) رۆژ بۆ چڕکردنەوەی کار و چالاکییەکان و ئامادەکردنی ئامارەکان لەسەر ئەم بابەتە و بە بەردەوامی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری گشتی و بەکارهێنانی میدیاکان بۆ گەیاندنی ڕۆشنبیری یاسایی بە تاك و خێزان سەبارەت بە مافەکانیان، هەروەها هاندانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ و هاوکاری کردنیان بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی و گێڕانی کۆڕ و سیمینار بۆ زیاتر گەیاندنی زانیارییەکان سەبارەت بە ماف و یاساکان لە چوارچێوەی خێزاندا، نموونەی ئەو ئەرك و هەوڵە بەرچاوەن کە حکومەت پێی هەستاوە، لەلایەکی ترەوە دەبینین هانی ئەوەش دراوە ئافرەت بێتە دەرەوەی ماڵ، بۆیە ئێستا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن و ڕۆڵی ئافرەت زیاتر بەهەند وەرگیراوەو پۆستی حزبی و حکوومیشیان هەیە، لە دامودەزگا حکوومییەکان و ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن و بواری هونەری و زۆر بواری تر خۆیان دەرخستووە، ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی تاکەکان و کرانەوەی زیاتر بە ڕووی گۆڕانکارییەکاندا و هاوکاری و پاڵپشتی کردنی زیاتر لەلایەن پیاوانەوە بۆ ئەم پرۆسەیە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ پێشکەوتن و گۆڕانکاری بە یەك لایەن ئەنجام نادرێ، بەڵکو پێویستی بە هاوکاری و دەست لەناو دەستی سەرجەم لایەن و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە هەردوو ڕەگەز هەیە، بەم جۆرە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان زیاتر دەچەسپێن و کاریگەرییان زیاتر دەبێت.

ئەو یاساناسە سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و ڕەنگدانەوەی لە کوردستان گوتی «ئەو ڕۆژە جیهانییە خۆی لە خۆیدا پەیامێکە بۆ مرۆڤایەتی بە هەردوو ڕەگەزەوە کە پێکەوە هەوڵبدەن توندوتیژی و دڕندەیی لە ناو خێزان و کۆمەڵگە بنبڕ بکەن». جەختی لەوەش کردەوە کە حکومەتی هەرێم پێویستە زیاتر گرنگی بدات بە بواری پەروەردەو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا و کردنی بە بەشێك لە پرۆگرامی خوێندن و بە فلیمی دیکۆمێنتاری و کار و چالاکی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی منداڵان و نەوەی داهاتووی کوردستان فێری یەکسانی و ڕێزگرتنی ڕەگەزی بەرامبەر بکرێن و رابهێنرێن لەسەر زمانی گفتوگۆ و بەرزنرخاندنی کاری بەرامبەر، تاکو بۆ خۆیان و بۆ داهاتووی کوردستان تاکێکی تەندروستیان لێ بەرهەم بێت».



**(٢٥ی نۆڤەمبەر) کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هان دەدات**

**ئەو رۆژە جیهانییە خۆی لە خۆیدا پەیامێکە بۆ مرۆڤایەتی بە هەردوو ڕەگەزەوە کە پێکەوە هەوڵبدەن توندوتیژی و دڕندەیی لە ناو خێزان و کۆمەڵگە بنبڕ بکەن**

**پێشکەوتن و گۆڕانکاری بە یەک لایەن ئەنجام نادرێ، بەڵکو پێویستی بە هاوکاری و دەست لەناو دەستی سەرجەم لایەن و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە هەردوو ڕەگەز هەیە**

# پاڵنەرەکانی خۆسووتاندنی ئـ

**کۆمەڵناس و دەروونناسان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کاتێک تاک دەگاتە ترۆپکی نائومێدی و بێزاری و چیدی بەرگەی پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان ناگرێت، هیچ ڕێگەیەکیش بۆ خۆدەربازکردن نادۆزێتەوە، بە بڕیارێکی هەڵە کۆتایی بە ژیانی**

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژی ئافرەتان، لە هەر سێ مانگی (حوزەیران و تەمووز و ئاب)ی ساڵی ٢٠١٣ گۆڕانی بەسەردا هاتووەو (٣٠) حاڵەت تۆمارکراوە، کە بەمشێوەیە بوون: لەمانگی حوزەیران (١٣) و، لەمانگی تەمووز (٩) و لەمانگی ئابیش (٨) ئافرەت خۆیان سووتاندووە.

خۆسووتاندن دیاردەیەکی نەگریسە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا ڕوو دەدات و لە زۆربەی حاڵەتەکانیش زیاتر ئافرەتانن کە پەنا بۆ ئەو جۆرە خۆکوشتنە دەبەن. زۆر جاریش هۆکارەکانی خۆسووتاندنیان بە نهێنی دەمێنێتەوە.

رائیدی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژی ئافرەتان، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان نیگەرانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە «زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەسووتێنن، لە ئیفادەکەیاندا سکاڵا لەکەس ناکەن، بەڵام دواتر بەر لەوەی کۆچی دوایی بکەن، ڕاستییەکەی لەلای کەسوکاریان دەدرکێنن، ئەمەش بۆ ئێمە و بۆ کەسوکاریشیان گرفت دروست دەکات، چونکە لەوانەیە کاردانەوەی خراپ و تاوانی دیکەی بەدوادا بێت».

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ڕایوایە «خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا سەرەکیترین هۆکارە کە ئافرەتان پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن»، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە، ئافرەتمان هەبووە، بەدزی مۆبایلی هەبووە، دوای ئاشکرابوونی خۆی سووتاندووە». جەختیشی لەوە کردەوە کە پشتگیری نەکردنی ئافرەتان لەلایەن کەسوکاریانەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وادەکات ئافرەت پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات، گوتیشی «پێویستە هەموو خێزانێك بەشێکی کاتەکانیان بۆ گرنگیدان بە ئافرەت تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی بزانن کێشەکانیان چییە، پێویستە باوك لەگەڵ کچی، برا لەگەڵ خوشکی، مێردیش لەگەڵ ژنەکەی بۆ چارەسەری کێشەکان گفتوگۆ بکەن، چونکە زۆر جار کێشەیەکی بچووك وای کردووە ئافرەتێك کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ».

د. نەریمان عەلی پزیشکی دەروونناسەو کۆمەڵێ هۆکار لە پشت خۆسووتاندنی ئافرەتان دەستنیشان دەکات کە «گرنگترینیان بەهۆی نەخۆشییە دەروونییەکانە، بەتایبەت کەسانی خەمۆك، کە زۆرجار بۆ کۆتایی هێنان بە تەنگژەکان بیر لە چارەسەرێکی هەڵە دەکەنەوە، کە یەکێك لەوانە خۆکوشتنە لەڕێگەی خۆسووتاندن، چونکە ئەو کەسانە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان ئەو کارە دەکەن»، هۆکارێکی دیکەشی بۆ «پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان و دەستێوەردانە کۆمەڵایەتییەکان» گەڕاندەوەو نموونەشی بەوە هێناوە کە لە کاتی پرۆسەی هاوسەرگیری، زۆرجار لە شووکردنی کچ بە ئارەزووی خۆی ڕێگری دەکرێ، یان هاوسەرگیری زۆرەملێ بەسەردا دەسەپێنن، ئەوەش یەکێك لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی ئافرەتە».

وەك ئەو دەروونناسە باسیکرد، ئەو هۆکارانەی کە ئێستا بڵاون لە کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆسووتاندنی ئافرەت، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ توندوتیژی خێزانی، گوتیشی «زۆرجار پیاوان توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان دەکەن، ئەوانیش بەداخەوە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن و پێیانوایە ئەوە ڕێگەچارەیە و رزگاریان دەبێت»، ئەو دەروونناسە جەختی لەوەش کردەوە کە «زۆر جار ئاشکرابوونی پەیوەندییەکی نهێنی ئافرەتێك وادەکات بۆ رزگاربوون لە سزا و پەردەپۆشکردنی کارەکەی پەنا بۆ خۆسووتان ببات»، نائومێدیشی بە پاڵنەرێك لە پاڵنەرەکانی دیکەی خۆسووتاندنی ئافرەت ناوبرد و گوتی «ئافرەت کە هەست دەکات کەس گرنگی پێنادات و کەس نییە پاڵپشتی بکات، نائۆمێد دەبێت و بیری نەشیاوی خۆسووتاندن دێتە مێشکیەوە، هەروەها ژیانێکی پڕ لە کێشمەکێش و دەردەسەری بەردەوام بێئەوەی ڕێگەچارە و هاوکاری لە ئارادا بێت، هۆکارێکی دیکەی خۆلەناوبردنە، لە هەموو حاڵەتەکاندا خۆکوشتن تاوانێکی گەورەیە کە تاك، یان خۆی دەیکات، یان بەرامبەری دەکرێ، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەك ڕێگری لێبکرێت».

د. نەریمان عەلی ئەوەشی دووپات کردەوە کە نەبوونی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تاکەکەسی وایکردووە، بەشێکی زۆری ئەو ئافرەتانەی کە کێشەیەکیان هەیە، پەنا ببەنەبەر خۆسووتاندن و گیانی خۆیان بفەوتێنن. گوتیشی «ئەوان بەو کارەیان جگە لەوەی تاوانێك دەکەن، شیرازەی دوو خێزانیش تێکدەدەن، هەمووشیان دوای خۆسووتاندن ئەگەر زیندوو بمێنن، بەئازارەوە پەشیمانی دەردەبڕن و بۆیان دەردەکەوێت چ کارێکی هەڵەیان کردووە، بۆیە داواکارین لەهەموو کەسێك بەهیچ شێوەیەك پەنا نەباتە بەر خۆسووتاندن، چونکە کیشەکان بە خۆسووتاندن چارەسەر نابن، بەڵکو گرفتەکان قوڵترو مەزنتر دەبنەوە. لەبەر ئەوەی گرنگترین شت مانەوەی مرۆڤەکان و بەردەوام بوونیانە لەژیان».

مافپەروەر ڕۆژان بابەکر سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «بەهۆی بێڕێزی و بێ مافی و بیری کۆنەپەرستی و ناڕۆشنبیری و ناحاڵی بوون و کەلەڕەقی پیاوان کە بەرامبەر ئافرەتان و خوشکان و دایکان هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بەکار دێنن، ئەوانەش هۆکاری ئەوەن کە هەندێکجار ئافرەت پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات».

بە بڕوای ئەو مافپەروەرە «لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆسووتاندن بۆتە نەریتێکی چەسپاو»، دەشڵێت «مایەی نیگەرانی و خەم و داخێکی زۆرە کە هەتا ئێستا میللەتانی ڕۆژهەڵاتیی ناوین بەگشتی ڕۆشنبیری پێکەوەژیان و خۆشەویستی نازانن و زۆر هەڕەمەکی و خێڵەکییانە لەگەڵ یەکترو بەتایبەت ئافرەتان

**تەنیا لەسێ مانگی (حوزەیران، تەمووز و ئاب) ی ئەمساڵ ٣٠ ئافرەت خۆیان سووتاندووە**

**باشترین ڕێکار ئەوەیە ئافرەتان مافەکانی خۆیان بزانن و لەکاتی کێشەکاندا لەبری خۆسووتاندن پەنا بۆ دامەزراوە گشتییەکان ببەن**

**خەڵکی گوند زیاتر بەکاری دێنن، کەچی ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن زیاتر خەڵکی شارەکانن و پاساوی پەرەمێزیشی بۆ دێننەوە**

**دەکرێت بەهەوڵی بەردەوامی پرۆسەی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگە، ڕێژەی توندوتیژی و دیاردەی خۆسووتان کەم بکرێتەوە**

# ـــــــافرەت و ڕێکارەکانی نەهێشتنی

**دەهێنێت، باشترین ڕێکاری ڕزگاربوونیش ئەوەیە ئافرەتان مافەکانی خۆیان بزانن و لەکاتی کێشەکاندا لە بری خۆکوشتن پەنا بۆ دامەزراوە گشتییەکان ببەن، بۆ ئەوەی کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.**



مامەڵە دەکەن، ئێمەی کوردیش دوورین لەهێمنی و ئاسوودەیی و دۆستایەتی، زۆر نزیکیشین لە ڕك و کینەو شپرزەیی و تووڕەیی و ماڵوێرانی. کێشەکە ئەویە ئافرەتان وەکو مرۆڤێکی ئاسایی نابینن، بەڵکو وەکو شـــەرەفی بنەماڵەو ئابڕووی مێردو حەیسییەتی براو کەرامەتی باوك و. هتد سەیریان دەکەین و ڕووبەڕووی توندوتیژی هەمە جۆریان دەکەین، بۆیە ئافرەت پەنا بۆخۆسووتان دەبات».

مافپـــەروەر ڕۆژان بابەکر جەخت لـــەوە دەکاتەوە کە «بنچینەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان چەندین هۆکاری هەیە، وەکو مانەوەی کاریگەری مێژوویی لەســـەر توندوتیـــژی ژن کە حاڵەتەکە بۆتە کلتووری یاساکانی عێراق دەگەڕێتەوە کە بە ئاشکرا شەرعیەتیان داوە بە توندوتیژی وەکو لە یاســـای ســـزادانی عێراقدا هاتووە بە ناوی شووشـــتنەوەی ناموس و تەمێکردنی ئافرەتان. پیاوانیش بە مافی خۆیـــان زانیوە توندوتیـــژی دژی مێینە ئەنجام بدەن، بۆیە هەتا ئێستا نەتوانراوە بەیاسا ڕێگە لە توندوتیژی بگرێت»، گوتیشـــی «هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەسپاندنی کۆمەڵێك یاسای مۆدێرن، بەڵام نەیانتوانیوە وەك پێویست کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و دیاردەی خۆسووتاندنی ئافرەتان بکەن».

کـــەژاڵ نامیق توێژەری دەروونییەو ســـەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «خۆســـووتاندن، یان بەهەرشـــێوەیەکی تـــری خۆلەناوبردن و مردنی دەســـتکرد کە مـــرۆڤ بیەوێت تەمـــەن و ژیانی خۆی بەدەستی خۆی تەواو بکات، کارێکی ئێجگار خراپ و تاوانێکی گەورەیـــە کە مرۆڤ بەرامبەر خـــۆی و مرۆڤایەتی دەیکات»، گوتیشی «خۆسووتاندن بێجگە لەوەی کردارێکی نەشیاوە، کارو کاردانەوەیشی خراپ و ترسناکە و یاسای مەدەنی هەموو دەوڵەتێك بەتاوانی لەقەڵەم دەدات، بەهەمان شێوە لەئایینە ئاسمانییەکانیشدا هاتووە کە حەرام و تاوانە و دەســـتکاریکردنی کاری خوداوەندی بەمیهرو سۆز و بەزەییە».

ئـــەو توێژەرە ڕەخنەی ئاراســـتەی میدیای کـــورد کرد بەوە کی «ڕاگەیاندنەکان و میدیای کوردی بە مانیشـــیتی ڕەنگاوڕەنگ و فۆنتـــی گەورە باس لە ســـووتانی ئافرەت دەکەن، هەروەها ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەســـووتێنن هەمیشە لە ڕاپۆرتەکانیان دەکرێنە پاڵـــەوان. ئەوندە باس لەوە ناکرێت کە بیرکردنەوە لە خۆســـووتان بیرۆکەیەکی هەڵەیە، چەندین ڕێگە بۆ چارەســـەرکردنی کێشەکان هەیە، بـــەڵام ئەو ڕێگەیانە لە ڕاپۆرتەکان بـــاس ناکرێت و بەرز نابێتـــەوە، تەنها هـــۆکاری خۆ ســـووتانەکان شـــی دەکرێتەوە، لەلایکی دی ئەو کەســـەی دەبێتە هۆی خۆســـووتانی ئافرەتێك ئەگەر ســـکاڵایەك لە دژی تۆمار نەکرێ، هیچ لایەنێك ناتوانێ لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات».

کەژاڵ وەکو چارەســـەری ئـــەو کێشـــە کۆمەڵایەتییە هێما بۆ دیاردەی توندوتیژی دەکات کە بەشـــێکی پەیوەندی بە کەلتووری کۆمەڵگەوە هەیە، گوتیشی «هەتا کار بۆ نوێکردنەوەی کەلتوور نەکەیـــن، ناتوانین هیچ کارێکی بەرچـــاو بکەین، نوێکردنەوەش ئەستەم نییە، چونکە دروستبوونی ئەو کەلتوورە لە هەلومەرجێکی کاتی دروســـتبووەو دەکرێـــت بەهەوڵی بەردەوامی پرۆســـەی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگە، ڕێژەی توندوتیژی و دیاردەی خۆسووتان کەم بکرێتەوە».

لەلای خۆیەوە د. نەریمان عەلی چەند چارەســـەرێك دەخاتەڕوو، لەوانە: ڕۆشـــنبیرکردنی کۆمەڵگە تابتوانێت ئامێرە مۆدێرنەکان بەشێوەی تەندروست بەکاربێنن، هەروەها داواکاری گشتی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی پێ بســـپێرێت و بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێت بۆ ئەوەی گەشە بە دیاردەی توندوتیژی نەدرێت و کۆمپانیاکانی مۆبایـــل کۆنترۆڵی ســـیمکارتە بـــێ زانیارییەکانیـــان بکەن و مامۆستایانی ئایینی و ناوەندەکانی خوێندن کار لەسەر ئەوە بکەن کە مەسەلەی ناموس چییە و چۆن چارەسەر دەکرێت».

جیا لەوەی کە ئافرەت لە ژێر پاڵەپەســـتووی کەسوکاری نێرینەی پەنا بۆ خۆکوشـــتن دەبات، زۆرجاریش باســـی ئـــەوە دەکرێ کە ئافرەتێك ســـووتێندراوە و دواتر تاوانەکـــە پەردەپۆش کراوە، واتە ئامێرێکـــی وەکوو پەرەمێزیان کردووەتـــە بیانوو، کە بە هۆی ئەو ئامێرە ئافرەتەکە سووتاوە، بەڵام وەستاکانی دروستکردنی پەرەمێز ئەوە ڕەتدەکەنەوە. ئەوەتا وەستا کەریم قادر کە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ســـاڵە لەناو بازاڕی هەولێر کاری دروستکردنی پەرەمێز دەکات، بە سەرســـوڕمانەوە لەم بابەتە دەڕوانێت و دەڵێت «زۆر ســـەیرە هەر ئافرەتێك بسووتێت، دەڵێن خەتای پەرەمێزە، چونکە ئێستا بەکارهێنانی پەرەمێز زۆر کەم بۆتەوەو بگرە لەناو شـــارەکاندا پەرەمێـــز هەر نەماوەو خەڵکی گونـــد زیاتر بەکاری دێنن، کەچی ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن زیاتر خەڵکی شارەکانن و پاســـاوی پەرەمێزیشـــی بۆ دێننەوە، باشە بۆچی ئەو پیاوانەی لـــە نانەواخانە ڕۆژانە بـــە پەرەمێز کار دەکەن، یەکیان ناسووتێ؟

ئەو وەســـتایە جەختی لەوە کـــردەوە کە «پەرەمێز لە چەند حاڵەتێکـــدا گڕ دەگرێت، وەك ئـــەوەی کە نەوتی تێدا کـــەم بێت، بەڵام هـــەر پەمپی لێدەن، یـــان لەکاتی کووژانەوەیـــدا کە ئەو پەرەمێـــزە بۆرییەکانی گەرم بووە، یان نەوتی بەسەردا دەڕژێ و دەبێتە هەڵم لەو کاتەدا دایگرســـێنێ، ئەویش گڵپە دەکات و وا نییە کەسێك بکاتە سووتەمەنی».